# بایۆنیوز

# BioNews

Kurdistan Biology Syndicate
سەندیکای بایۆلۆجی کوردستان

گۆڤارێکی زانستی و رۆشنبیری وەرزی یە
سەندیکای بایۆلۆجی کوردستان دەری دەکات
ژمارەی (1) - سالی یەکەم کانوونی یەکەم - 2006




## پرۆژەی کۆنترۆلی جۆری لە هەرێمی کوردستان

## مندالی ناو شووشە چی یە ؟؟



# پاککردنەوەی ئاوی پیس بە ڕووەکە ئاوی یەکان



نووسینی مامۆستا: نەشمیل سعید/ کۆلێژی زانست

جێی گومان نی یە! کە ئاو پێداویستیەکی هەرە گرنگی هەموو جۆرەکانی ژیانە لەسەر ڕووی زەوی و نەگەر ئەو پێداوییستیە نەمینێ خۆ ئەگەر بۆ چەند ڕۆژێکیش بێت، ئەوا بەردەوام بوونی ژیان دێتە وەستان..

هەڵبەت ئاوی پاکیش بەچەند سەرچاوەیەك پیس دەبێت، یەکێکیان بریتیە لە ئاوی پیس کە لە پاشەڕۆی مالان ودام ودەزگا گشتیەکان ونەخۆشخانە وکارگەکانەوە سەرچاوە دەگرێت ودەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی ماددە پیس کەرەکان ودروست بوونی چەندین پێکهاتەی ئالۆز لە ئاودا کە کاریگەری سلبیان هەیە لەسەر ژیانی جۆرەها زیندەوەر لە سیستمی ژینگە ئاوییەکاندا، وجۆرەها نەخۆشی بلاو دەبێتەوە، وجگە لە شێواندنی دیمەنە جوانەکانی شاریش.

لە سەدەی دوایدا چەندەها پرۆژەی چارەسەرکردن ووێستگەی پاککردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆکان دامەزرێنراون بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی پیس و پارێزگاری کردن لە تەندروستی کۆمەڵ وکۆنترۆڵ کردنی جۆری ئاوی چارەسەرکراو وچاك ڕاگرتنی سیستمە ژینگەییەکان.. بێ گومان پرۆژەکانی چارەسەرکردنیش چەند قۆناغێکی چاککردنەوە لە خۆوە دەگرن کە بریتین لە قۆناغەکانی یەکەمی ودووەمی وسێیەمی یاخود پێشکەوتووی چارەسەرکردن کە هەر یەکێکیان چەندین پرۆسەی فیزیاوی وکیمیاوی وبایۆلۆجی لە خۆوە دەگرێت. هەڵبەت چارەسەرکردنی بایۆلۆجیش یەکێکە لە یەکە سەرەکیەکانی چارەسەرکردن ودەکرێ ئەنجام بدرێت بە بەکارهێنانی جۆرەها زیندەوەری وەکوو ڕووەکە ئاویەکان وجۆرەها قەوزە وکەڕوو وبەکتریا.

تێبینی: ئەم دوو ستونە پاش و پێش کراوە



هەڵبەت ڕووەکە ئاویەکان بریتین لەو زیندەوەرانەی کە بەچاو دەبینرێن لەناو ئاودا و بە شێوازی لکاو یا هەڵواسراوو بەدی دەکرێن وە یا ئەوەتا ڕووەکی بێ ڕەگن وسەرئاو دەکەون. ئەو جۆرە ڕووەکانەش لەناو ئاودا ڕۆڵێکی زیندەگی وکارا دەگێڕن لە سیستمە ژینگەییە تەندروستەکاندا چونکە بە دروستکەرە سەرەتاییەکانی ئۆکسجین ئەژمار دەکرێن کە لە ڕێگەی کرداری ڕۆشنە پێکهاتن دووانەئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژن و ئۆکسجین دەدەنەوە، لەلایەکی تر ئەم جۆرە ڕووەکانە یاریدەدەرن لە سوورەکانی خۆراکدا وڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە زنجیرەکانی خۆراک وجێگیری سیستمە ژینگەییەکان دەپارێزن.

بێ گومان جۆرەها ڕووەکی ئاوی توانای ژیانیان هەیە لەناو ئاوی پیسدا بەشێوەیەکی سروشتی ودەتوانن ڕێژەی مادە پیسکەرەکانی وەکوو نەترات وفوسفات کەم بکەنەوە. نموونەش بۆ ئەم جۆرە ڕووەکانە زۆرن وەکوو *Typha* و *Lemna* و *Eichhornia* و *Phragmites* و...هتد. هەڵبەت ئەو ڕووەکەی کە توانای زیاتر هەڵمژینی مادده پیسکەرەکان وبەرزترین ڕێژەی گەشەکردنی هەبێت دەتوانرێت وەکوو ڕێگا چارەیەکی پراکتیکی وئابووری بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەری پیشکەوتووی ئاوی پیسی ئاوەڕۆکان چونکە ئەم جۆرە ڕووەکانە سوود لە تیشکی خۆر وەردەگرن ومادده پیسکەرەکانی ناو ئاویش وەک خۆراکێک بەکاردەهێنن بۆ دروست کردن وبیناکردنی لاشەیان، یا بە شێوازێکی تر، ڕووەکە ئاویەکان زیندە پاڵاوتەی مادده پیسکەرەکانی ناو ئاون!.

ئێستا لە وولاتە پێشکەوتووەکاندا پاککردنەوەی ئاوی پیسی ئاوەڕۆکان بە ڕووەکە ئاویەکان گرنگیەکی زۆری پیدەدریت وجۆرەها تۆژینەوەی بۆ ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە وولاتی خۆمان ولە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا لیکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ ئەنجام نەدراوە بە بەراوورد لەگەڵ وولاتانی دەرەوە. دەکری ئەمەش هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوردستان هەرێمێکی دەوڵەمەندە بە سامانی ئاوی وتا ئیستاش پێویستی بەوە نەبووە کە پەنا بباتە بەر چارەسەرکردن ودووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی ئاوەڕۆکان وئاوی ژێر زەوی ورووبارە شیرینەکانیش پاریزگاری لێبکات وەکوو خەزێنەیەک وسامانێکی نەتەوەیی بۆ داهاتوو.

لەم بوارەشدا ولە هەرێمی کوردستاندا، دەکرێ نامەی ماستەرەکەم بە دووەمین تۆژینەوەی لەم جۆرە دابنرێت کە هەوڵێکی سەرەتایی بوو بۆ بەکارهێنانی ڕووەکێکی ئاوی وەک زیندە پاککەرەوەیەک بۆ قۆناغی پێشکەوتووی پاککردنەوەی ئاوی پیسی ئاوەڕۆکانی شاری هەولێر ودووبارە بەکارهینانەوەی ئاوی چارەسەرکراوەکە بۆ مەبەستەکانی ئاودێری. لەم تۆژینەوەیەشدا تایبەتە پڕۆژەیەکی بچووکی پاککردنەوەی ئاوی پیس هاتە دروست کردن وسیستمی ئینجانەی پاڵاوتن بە لم وچێنراو بە ڕووەکی ئاوی *Typha* بەکارهات. بەگشتی کۆمەڵێکی زۆر لە سیفاتە فیزیاوی وکیمیاوی وبایۆلۆجیەکانی ئاوە پیسەکە پیش وپاش پرۆسەی چارەسەرکردن خرایە ژێر لیکۆڵینەوە، وە دەکرێ بگوترێت شێوازە ئەندازەییەکەی پڕۆژەی پێشنیارکراو ئەنجامی باشیان دەرخست وسیستمێکی چالاک بوو بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی مادده پیسکەرەکانی ناو ئاوەکە وڕێژەی توخم وخۆراکە ماددەکانی وەکوو نایترۆجین وفوسفۆر بەشێوەیەکی تا ڕاددەیەک بەرچاو بەرزبوونەوە لە شانەکانی ڕووەکەکە، ئەمەش توانستی ئەم ڕووەکە دەردەخات لە پاککردنەوەی ئاوی پیس ولە دواییشدا دەتوانرێت وەک پەینێک بەکاربهێنرێت بۆ خاک.